## مۆنیومینتی ئیزیرتۆ

بۆکان و ناوچەکەی پێش هەموو کەس زیاد لە هەمووان هی مانناکانە. مانناکان گەورەترین هێز و دەسەڵاتی ناوچەکە بوون پێش ئەوەی داگیرکەرانی ماد پێیان بگاتە مەڵبەندەکە و ئەساس و بنەمای هەموو شتێکمان لێ تێکبدەن. پێتەختی مانناکان لە قەڵایچی بۆکان بووە و لەوێوە بەربەرەکانی ئاشوور و ئورارتور و سەکاکان کراوە، بە کورتی "ماننا" ناوێکە ئاوێتەی هەست و نەستی شاری بۆکان بووە و پێویستیە لە هەموو نووسین و کارێکی هونەریدا ئەو پەیوەندە مێژووییە رەنگ بداتەوە.

دانرانی کارێکی هونەری بە ناوی " مۆنیومینتی ئیزیرتۆ" لە ناوەڕاستی شاری بۆکان لەو کارە مەزنانەیە کە جێگەی دەستخۆشییە پێش هەموو کەس لە خوڵقێنەرەکەی – کاک هێمن قارەمانی، و ئینجا لە هەموو ئەوانەی وا دەستیان لە پێک هێنانیدا بووە و تەنانەت شارەوانی شارەکەش - کە موافەقەتی دانانی مۆنیومینتەکەی کردووە.

هیوایە هەنگاوی هاوچەشن بۆ زیندووڕاگرتنی مێژووی دەوڵەمەندی شارەکە و کەسایەتی ناوداری وەک سەردارەکان، بەتایبەت شەهید حەمەحسین خان، عەلامەی قزڵجی، شاعیرانی وەک ئاوات، حەقیقی، نووری، وەفا، سوارە و هونەرمەندانی وەک حەسەن زیرەک و قالەمەڕە بەڕێوە ببرێت و هەیکەلی ئەو گەورە پیاوانە لە شوێنی جیاجیای شارکە بەرز بکرێتەوە.

بۆکان ناوەندی هونەرە و سیمای شارەکە دەبێ ئەو تایبەتمەندییە دەربخات. ئەوەش چەند وێنەی مۆنیومینتەکە، کە ماڵپەڕی بۆکان / رۆژهەڵات لە ماڵپەڕی "خۆرهەڵات نیوز"ی وەرگرتوون :




Izirtu


Izirtu


Izirtu